# بۆ تۆ کە ئازماییش دەدەیت

وەک نەخۆشێک ئەتۆ گەلێک جار ناچار دەبیت ئازماییش بدەیت، بۆ نموونە وەک ئازماییشی خوێن یاخود ئازمایشیی تێشوو. ئازمایش هەروەها لە کاتی کۆنترۆڵی تەندروستییدا کە لاندستینگێت دەیکات، وەردەگیرێت. ئەم ئازماییشانە بە نەریت لە شوێنێک کە پێی دەگوترێت بیۆبانک هەڵدەگیرێن. بیۆبانک کۆئازماییشێکە – ئازماییشی خوێن، ئازماییشی خانە (سێل) یاخود ئازماییشی تێشووی دیکە – کە لە بنکەی تەندروستیی وەردەگیرێن و زیاتر لە دوو مانگ هەڵدەگیرێن و کە دەتواندرێت ببرێنەوە سەر یەک مرۆڤی دیار.

## لەبەرئەوەیە کە دەبێت ئازماییش هەڵبگیرێن

گرنگە کە ئازماییشەکانی تۆ هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانیین کە

- تەماشای ئازماییشەکەی تۆ بکەینەوە بۆ نموونە ئەگەر چارەسەرکردنێک نەگەیبێتە ئامانج
- سەرەنجامگیریەکی (دیاگنۆسێکی) دڵنییاتر بکە لەو ڕێگایەوە کە ئازمایشێکی نوێ لەگەڵ ئازمایشێکی پارێزراودا بەراوورد بکەیت.
- ئازماییشەکە بنێرین بۆ لای پسپۆڕێک بۆ هەڵسەنگاندن
- نەخۆشیی پەتا دیاری بکەین و ڕێگایان لێ بگرین
- میتۆدگەل و ڕۆتینگەلی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و پێش بخەین
- کارکەرانی خۆمان پەروەردە بکەین
- توێژینەوەی دەرمانەوانی بکەین تا باشتر بتوانین نەخۆشیی چارە بکەین و ڕێگایان لێ بگرین

## ئاوا زانیاریی کەسیی و ئازماییشەکانی ئەتۆ دەپارێزین

کاتێک کە ئازماییشێک وەردەگیرێت ئەو زانیاریانەی کە تێبینی دەکردرێن لە تۆمارگەیەکی تایبەتییدا هەڵدەگیرێن. کەسێکی ناسەربەوێ ناتوانێت ببینێت کە چ نەخۆشێک ئازماییشی جێهێشتوە.

ئازماییشەکانی بیۆبانک قەدەخەیە بە مەبەستی قازانجکردن بدرێن بە دەستی دەرەوە چونکە مامەڵە بە ئازماییشی مرۆڤەوە قەدەخەیە.

## توێژینەوە

هەندێک ئازماییش دەشێت فرە بە نرخ بن لە توێژینەوەی دەرمانەوانییدا. هەموو پرۆژە توێژینەوەکان کە دەستیان پێ دەکردرێت دەبێت لەلای دامێکەوە بۆ ڕەووشتی توێژینەوە مۆر بکردرێن کە هەڵدەسەنگێنێت ئاخۆ ئەو پرۆژەیە بۆ تیمارسازیی گرنگە و کە ئایا دەکردرێت ئەو توێژینەوەیە پیادە بکردرێت بێ ئەوەی کە سەرووەریی ئەو کەسی نەخۆشە بخرێتە مەترسییەوە یان نا.

## ئەتۆ خۆت بڕیار دەدەیت

وەک نەخۆش ئەتۆ بۆت هەیە هەڵوێست وەربگریت سەبارەت بەوەی کە ئازماییشەکانت چۆن بەکار ببردرێن. یاسای بیۆبانک دەڵێت کە ئەتۆ دەبێت ئاگادار بکردێیت و ڕازییبوونی خۆت بدەیت کە ئازماییشەکانت هەڵبگیرێن و کە بۆ چییش بەکار ببرێن. ئەگەر ئەتۆ پەسەندت کرد کە ئازماییشەکانت هەڵبگیرێن ئەوا مافت هەیە کە هەر کاتێک بتەوێت کە لە ڕای خۆت پەشیمان بیتەوە.
*تەنها شتێک کە ناتوانرێت لێی پەشیمان ببرێتەوە ئەو بڕیارەیە کە ئازماییشێک هەڵ نەگیرێت.*

لە دەمی ئازماییش وەرگرتنەکەدا پرسیارت سەبارەت بە ڕازیبوونت لێ دەکردرێت. ئەگەر ئەتۆ نادڵنییایت و دەتەوێت بیری لە بڕیارەکەت بکەیتەوە ئێمە وا بەباشی دەزانین کە تۆ ئازماییشەکەت جێ بهێڵیت تا کاتی خۆی دێت. ئەتۆ پاشان دەتوانیت ڕازیبوونت بگۆڕیت لە ڕێگای ناردنی نا-کارتێک ـ ـەوە کە لە کاتی سەردانەکەتدا دەتدرێتێ.

## زانیاریی زێدەتر

ئەگەر زانیاری زێدەترت دەوێت ئەوا دەتوانیت لە پزیشکەکەی خۆت بپرسیت.

**Regionalt biobankscentrum**
**Södra sjukvårdsregionen**
**Tel.** 046-275 29 81